# هەرکەسێك ناڕەحەتیەکی دونیایی لابدات لەسەر ئیماندارێك؛ ئەوا بێگومان خوای گەورە ناڕەحەتیەک لە ناڕەحەتیەکانی ڕۆژی قیامەتی لەسەر لادەبات

لە ئەبو هوڕەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:
«هەرکەسێك ناڕەحەتیەکی دونیایی لابدات لەسەر ئیماندارێك؛ ئەوا بێگومان خوای گەورە ناڕەحەتیەک لە ناڕەحەتیەکانی ڕۆژی قیامەتی لەسەر لادەبات، هەرکەسێك یارمەتی قەرزدارێک یان هەژارێك بدات وکارەکەی بۆ ئاسان بکات؛ ئەوا خوای گەورەیش کار بۆ ئەو ئاسان دەکات ویارمەتی دەدات، وئەوەی مسوڵمانێك بپۆشێت وسیتری بکات ئەوا خوای گەورەیش سیتری دەکات لە دونیا وقیامەتدا، خوای گەورە لە یارمەتی وکۆمەکی بەندەی خۆیدایە ئەگەر ئەو بەندەیە لەکۆمەکی ویارمەتی براکەیدا بێت، هەرکەسێك ڕێگایەك بگرێتە بەر بۆئەوەی عیلم وزانستێك بەدەست بهێنێت؛ ئەوا خوای گەورە بەهۆی ئەوەوە ڕێگای بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات، هەر کۆمەڵێك کۆببنەوە لە ماڵێك لە ماڵەکانی خودا وقورئان بخوێنن وهەڵبدەن بۆ تێگەیشتن لێی؛ ئەوا بێگومان ئارامی وسەکینەت دادەبەزێت بەسەریاندا، وڕەحمەت وبەزەیی دایاندەپۆشێت وفریشتەکان چواردەوریان دەگرن وخوای گەورەیش باسیان دەکات لای ئەوانەی کە لە ئاسماندان، وهەرکەسێك کردەوەکەی پاشی بخات؛ ئەوا بێگومان ڕەچەڵەک وبنەماڵەکەی ناتوانن پێشی بخەن».
[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە پاداشتی مسوڵمان لەلای خوای گەورە هاوشێوەی کردەوەی مسوڵمانە بەرامبەر بە برای مسوڵمانی؛ هەرکەسێك ناڕەحەتی وبارگرانیەك لەسەر ئیماندارێك لابدات لە دونیادا، ئەوا خوای گەورە پاداشتی دەداتەوە بەوەی ناڕەحەتیەك لە ناڕەحەتیەکانی ڕۆژی قیامەتی لەسەر لادەبات. وهەرکەسێك ئاسانکاری بکات لەسەر کەسێکی بارگران وئەو بارگرانیەی لەسەر نەهێڵێت؛ ئەوا خوای گەورە کاری بۆ ئاسان دەکات لە دونیا وقیامەتدا. وئەوەی مسوڵمانێك بپۆشێت؛ کاتێك دەزانێت دەربارەی شتێکی تایبەتی کە نابێت ئاشکرا بکرێت وەکو هەڵە وکاری ناشیاو، ئەوا خوای گەورەیش بە هەمان شێوە ئەو بەندەیە دەپۆشێت لە دونیا وقیامەتدا. وخوای گەورە بەردەوام یارمەتی بەندەکەی دەدات، ئەگەر بەندە بەردەوام بێت لەسەر یارمەتیدانی برایەکی لە بەرژەوەندیە ئاینی ودونیاییەکانی، ویارمەتیدان بە نزا وبە لاشە وبە پارە وسامان وبە شێوازی تریش دەبێت. وهەرکەسێك بچێت بەرەو بەدەستهێنانی زانستی شەرعی، ولەم کارەیدا مەبەستی ڕەزامەندی الله بێت؛ ئەوا خوای گەورە ڕێگای چوونە بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات. وهەرکۆمەڵێك کۆ ببنەوە لە ماڵێك لە ماڵەکانی خوای گەورە، وقورئان بخوێنن هەوڵبدەن بۆ تێگەیشت لێی لەنێو خۆیاندا، ئەمە دەبێتە هۆی دابەزینی ئارامی وهێوری وڕێز وشکۆ بۆ سەریان، وڕەحمەتی خودا دایان دەپۆشێت، وفریشتەکان دەوریان دەدەن، وپەروەردگار ستایشیان دەکات لەلای ئەوانەی نزیکن لێوەی، وچی ڕێز وپلەیەك بەرزترە لەوەی پەروەردگار باسی بەندە بکات لەلای کۆڕ وکۆبوونەوەکانی ئاسمان. وئەوەی کردەوەی کەم بێت وکەموکورتی تێدا بێت، ونەتوانێت بیگەیەنێت بە پلەی ئەوانەی کردەوەیان زۆر وتەواوە، ئەوا نابێت پشت ببەستێت بە ڕەچەڵەك وفەزڵی باوباپیران لەگەڵ کەمتەرخەمبوون لە ئەنجامدانی کردەوەدا.

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee